بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسـای وەزارەتی ئـەوقــاف و کـار و بـاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بــە پـــی ّی ئــەو دەســـەڵاتەی لـــە بڕگـــەی (١) ی مـــاددەی (١٠) ی (یاســـای ســـەرۆکایەتی هـــەرێمی کوردســـتان – عێـــراق)ی ژمـــارە (١)ی ســـاڵی ٢٠٠٥ ی هـــەموارکراو پێمـــان دراوەو، بـــە پاڵپـــشتی ئـــەو یاســـاکاری یـــەی ئەنجومـــەنی نیـــشتمانی کوردســـتان – عێـــراق کردویـــەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٦ ) لە( ١٤ / ٥ / ٢٠٠٧) بڕیارمان دا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ١١ ) ی ســـاڵی ٢٠٠٧

## یاسای وەزارەتی ئـەوقــاف و کـار و بـاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی لە هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی .

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە کاردەکات:

**یەکەم:** گەشە پێدانی هوشیاری ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ئیسلامی وپرەنسیپە شکۆمەندەکانی.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**دووەم:** چاودێری کردنی کاروباری شوێنە پیرۆزەکان بۆ هەموو ئایینەکان ورێکخستنی کارگێڕی یەکەی.

www.mojkurdistan.com

**سێیەم:** ڕێکخستنی کاروباری حەج وعومرە بۆ موسلمانان بەشێوەیەکی وا داد پەروەری لە دەسنیشانکردنی ئەوانەی حەج کردن دەیانگرێتەوە دابین بکرێ و پێداویستیەکانی سەفەرکردن ومانەوەو خزمەتگوزارییەکانی شیاو بەحاجیان دابین بکرێ، بەجۆرێکی وا ئاسایش دابین بکرێ وکارەکان بەباشترین شێوە راپەرێندرێن بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

**چوارەم:** کاروباری ئەوقاف وسەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنیان بە جۆرێکی وا رێك بخرێت کە مەرجەکانی وەقفکاران وسوودی زۆری وە بەرهێنان دابین بکات و داهاتەکانی وەقف یاخود هەر داهاتێکی دیکە لە حیسابێکی تایبەت بەناوی وەزارەتەوە دابنرێ و خەرج کردنی بە شێوەیەکی وا بێت کە خزمەتی مەرجەکانی وەقفکاران و سوودی وەزارەت بکات.

**پێنجەم:** گرنگی دان بە ئایینی پاکی ئیسلام وئایینەکانی دیکە وکەلەپوورەکانیان ورێزگرتنی زانایان وپیاوانی ئایینی وپاراستنی پایەی کۆمەڵایەتییان وچاککردنی باری ژیانیان تاکو چالاکی ئایینی ونیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی وا بنوێنن کە خزمەتی کۆمەڵگای کوردستانی بکات.

**شەشەم:** بەهێز کردنی پەیوەندیی لە نێوان ئایین و ئایینزا و تایەفە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانی عیراق.

**حەوتەم:** دروست کردن ونۆژەنکردنەوەی مزگەوت وپەرستگاکانی دیکە ودابین کردنی پێویستی یەکانیان لە شوێنی پێویست ودابین کردنی خانوو بۆ پێش نوێژ و وتاربێژان لەو مزگەوتانەی کە دروست دەکرێن.

**هەشتەم:** پەیڕەوی کردنی هەموو شتێکی نوێ لە بیری ئیسلامی لە جیهان دا و بەدیهێنانی بەیەکگەیشتن لەگەڵ زانایان ودەزگا رۆشنبیریی وزانستیەکانیاندا بۆ زیادکردنی زانیاری ئیسلامی وناساندنی گەلی کورد و دەورەکەی لە بەرگری کردن لە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی بە عالەم و دەوڵەمەندکردنی کە لەپوورە ڕۆشنبیریی و شارستانی یەکەی.

**نۆیەم:** بەدوا چوونی پەرەپێدانی بەرنامەکانی خوێندن بۆ لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکان بە جۆرێکی وا کە بیری بەکافر دانان وکافری وتوندوتیژی ئایینی وتیرۆر لە قۆناغە جیاجیاکان دا وەلابنرێ و قوتابخانەی شیاویان لەڕووی بینا وبەرێوەبردن و مامۆستا و پێداویستی یەکانی خوێندنەوە بۆ دابین بکرێ ولە نوێ ئاستەکانی لێکۆڵینەوە ئایینی یەکان لە پەیمانگاو کۆلێج وخوێندنی باڵا دابنرێ بە جۆرێکی وا دەرچوواندنی زانای بە توانا لە وتاربێژی ورێنمایی کەری ئایینی وفتوای شەرعی دابین بکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**دەيــەم:** گرنگــی دان بــە كاروبــاری ئــایین وتایەفــەو ئایینزاكــان لــە هــەرێم دا بــە جــۆرێكی وا گیــانی لێبووردەیی لە نێوان ئایینەكان بەدی بێنێ وبەیەكگەیشتنی نێوانیان دابین بكات.

**یــــازدەم:** كــاركردن لــە پێنــاوی ئامــادەكردنی نەوەیــەك لــە زانایــانی موســلمان كــە ئاســتێكی زانــستی ئــایینی بــەرزیان لــە چوارچــێوەی بــاوەڕی ئیــسلامی پاكــدا هــەبێت ودوور بــن لــە توندوتیــژی وتــێ پەڕانــدن و بــیری بــە كــافركردن ورۆشــنبیریی یــەكی فــراوان وگیــانێكی نەتەوەیی یان هەبێت وبەرگری لە دەسكەوتەكانی گەلی كوردستان بكەن.

**دوازدەم:**ئامــادە كردنــی هــەموو هۆیــەكی خزمــەتگوزاری لــە هــۆڵ وپێویــستیەكانی بۆنــە ئــایینی وكۆمەڵایەتیــەكان بــە جــۆرێكی وا پێــشكەش كردنــی باشــترین خزمــەتگوزاری بــۆ كۆمــەڵگا لــەكاتی پیویــستی دا دابــین بكــات، لەگــەڵ كردنــەوەی هــۆلی تایبــەت بەئافرەتان بۆ بۆنە كۆمەڵاتی یە ئایینی یەكان.

**ســـێزدەم:**كردنــەوەی خــولی پێویــست وبــەردەوام بــوونی بــۆ بــەهێزكردنی توانــای پــێش نوێژ و وتاربێژ وپیاوانی ئایینی لە هەرێمدا.

**چــــواردەم:**جێكردنــەوەی دەرچــووانی ئامــادەیی وپــەیمانگاو كۆلێجــە ئیــسلامیەكان لــە هــەرێم لــەناو فەرمانگــەكانی وەزارەتــی ئــەوقاف، بــۆ ســوود وەرگــرتن لێیــان لــە شــوێنە پێویــستەكان وئەمــەش بــەدانانی كەســی خــاوەن ئاســتی بــەرزی زانستی و هوشیاری تەواوی نەتەوەیی دەبێت.

**پــــازدەم:** هانــدانی بەســتنی كــۆنگرە بــۆ چەســپاندنی ڕۆشــنبیریی دایــەلۆگ و بــە یەكــەوە ژیانی ئاشتیانە لەناو ئایینەكان دا.

## -پێكهاتەكانی وەزارەت-

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێ:-

**یەكــەم: وەزیــر:** ســەرۆكی بــاڵای وەزارەتــە وبەرپرســە لــە بــەرێوەبردنی كارەكــانی وئاراستەكردنی سیاســەتەكەی وسەرپەرشــتی وچــاودێری كردنــی ولــەوەوە هــەموو ئــەو بڕیــار و فــەرمان ورێنماییانە دەردەچن كە پەیوەندییان بــە ئەركــەكانی وەزارەت وپێكهاتــەكانی ودەســتەڵات وهــەموو كاروبــارە هونــەری وكــارگێریی ورێكخــستن بــە پێــی حوكمــەكانی یاســاوە هەیــە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنـەدا و بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی خۆی بە بریكاری وەزارەتەكــە،یان بەڕێوەبەرەگشتی یەكان یان هەر فەرمانبەرێكی وەزارەتەكە بسپێرێ، كە خۆی بە باشی بزانێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم: بریکاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە لەلایەن وەزیرەوە پـێ ی دەدەرێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆی هـەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژکاران:** ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نابێ ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بـن و خـاوەن شـارەزایی و کارامـەیی بـن ودوانیـان لـە موسـلمانان ویـەکیکیان مەسـیحی وئـەوی دیکەیان ئێزدی دەبێت.

**شەشەم:پشکنێری گشتی لە وەزارەت:** بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ و وەزیر دەیپـاڵێوی ودەبـێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

**حەوتەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێریی ودارایی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بـەڕێوەی دەبـات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و کارامەیی و پسپۆڕی بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج وعومرە:**بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینی مەسیحی:**بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامـەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

**دەیەم:بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینی ئێزدی:**بەڕێوەبـەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

**یازدەم:بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پارێزگاکانی هەرێم:** هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکـۆی هـەبێت وخـاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئایینی.

**یەکەم:** ئەنجومـەنێك لـە دیـوانی وەزارەت پێـك دێ، پـێ ی دەگـوترێ (ئەنجومـەنی بـاڵای ئـەوقاف وکاروباری ئایینی) لەمانە پێك دێ:

١- **وەزیر:** سەرۆکە.

٢- **بریکـاری وەزارەت:** ئەندامـە و لـەکاتی ئامـادە نـەبوونی وەزیـر سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن دەکات.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**٣ـ بەڕێوەبەرە گشتی یەكان و ڕاوێژكارانی وەزارەت:** ئەندامن.

**٤ـ نوێنەری وەزارەتەكانی دادو فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و دارایی وئابووری و شارەوانی یەكان و كشتوكاڵ و ڕۆشنبیریی بە مەرجێ لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ:** ئەندامن

**٥–چوار لە گەورە زانایانی ئایینی ئیسلامی كە وەزیر هەڵیان دەبژێرێ** : ئەندامن

**دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە لە كاتی پێویستی ولەسەر داوای وەزیر پەنا بباتە بەر شارەزا وپسپۆڕان.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەنێكی زانستی لە وەزارەت پێك دێ و پێكهاتە وپسپۆڕی وتایبەت مەندی یەكانی بە پیرەوێكی تایبەت دەسنیشان دەكرێ.

**ماددەی شەشەم:**

**یەكەم:** كارو تایبەت مەندی یەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پیڕەو دەسنیشان دەكرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یا خود هۆبەی تر لەناو پێكهاتەی وەزارەت لەنوێ دابمەزرێنێ یا لێیكیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێ ی پێویستەكانی كارەكەی لەكاتی پێویست دا.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یان كاتی لە وەزارەت پێك بێنی وكاری تایبەت بە چالاكی وكارەكانی پێ پسپێری ئەمەش بە پێی حوكمەكانی یاسا كار پێكراوەكان وپیڕەوو ڕێنمایی یەكانی كە بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون دەبێت وبۆیشی هەیە پشت بە شارەزای پسپۆڕ لە ناو هەرێم ببەستێ و ئەگەر لە دەرەوەش بێ ئەوا ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان

یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كار و باری ئایینی ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٩٢ و هەموار كردنەكەی هەڵدەوەشێتەوە.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی دەیەم:**

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**ماددەی یازدەم:**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە كـاری پێـدەكرێ و لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـائیعی كوردستان) بلاّودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عیراق**

**هەولێر**

**٣/ جۆزەردان/٢٧٠٧ی كوردی**

**٢٤ / ئایار / ٢٠٠٧ زاینی**

**٧ /جماد الاول / ١٤٢٨ كۆچی**

## هۆیە پێویستی یەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -

لـــە پێنـــاو هێنانـــەدی پـــەیامی پـــیرۆزی ئیـــسلام و پتـــەوكردنی پەیوەنـــدی یـــە راســـتەكانی ویـــەكتر ویـــستن و خۆشەویـــستی بـــەرپاكردن لـــە نێـــوان ئـــایین وئاینزاكـــان وئامـــادەكردنی نەوەیـــەك لـــە زانـــای بـــەتوانای چـــەكدار بـــە هوشـــیاریی ئـــایینی ونەتـــەوەیی ونیـــشتمانی دژ بـــە بـــیری بـــەكافر كـــردن وتـــیرۆر وتوندوتیـــژی وخـــاوەن رۆشـــنبیرییەكی فـــراوان وبـــۆ پێـــشكەش كردنـــی باشـــترین خزمـــەتگوزاری بـــە پەرســـتگاكان و بـــەرێوەبردنی كاروبـــاری وەقـــف و بـــە هێزكردنـــی پەیوەنـــدیی لـــە نێـــوان ئـــایین و ئایینزاكـــان وبـــۆ پاریزگـــاری كـــردن لـــە كەلـــەپووری زانـــستی زانایـــانی كـــورد كـــە بەبەشـــێكی گـــرنگ لـــە كەلـــەپووری ئیـــسلامی جیهـــانی بـــە درێـــژایی مێـــژوو دادەنـــرێ و هـــەروەها تێكـــەڵ كردنـــی لەگـــەڵ هۆیـــەكانی فێركردنـــی نـــوێ وســـوود لـــێ وەرگـــرتنی وبـــەكارهێنانی بـــۆ بەرزكردنـــەوەی ئاســـتی زانـــستی و پـــێش كـــەش كردنـــی باشـــترین خزمـــەتگوزاری بـــۆ گـــەلی هـــەرێمی كوردســـتان لـــە هـــەموو بۆنـــە ئـــایینی یـــەكان دا . ئـــەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com